– جــاریٚ تابیســت ســالّی تــر ژنهیٚنــانی خــۆت نــابینین، ئینجــا بــەژنهیٚنانی کچەکەت.

ئیرەج وتی:

– ماوەیەکی تر هەوالّیٚك دەبیستی.

*******

باوکــە مەگــەر تــۆ ئەتــەویٚت لەگــەلّ ئــەو کچــەکە بــژیت، مەگــەر تــۆ ئەتەویٚت کچەکە پەسەند بکەیت، من بینیمو پەسەندم کرد.

ئەمــەویٚت هــەر ئــەو کچــەم ئــەویٚت، خــەلیل بەتورِەیــەوە ســەیری ئیرەجــی دەکرد وتی:

– ئەمــە مانــای چــی؟.. تــۆ کاتیٚــك ئــەو کچــە ئــەهیٚنیت ئەبیٚتــە ئەنــدامی ئــەم خیٚزانــە، دەبیٚــت ئــەو کچــە عەشــیرەتی بــەناوبانگی هــەبیٚت، خانــەوادەی هەبیٚت، ئیٚمە ئەمانە ناناسین.

ئیرەج لەبەردەم باوکیدا هەلّساو بەتورِەییەوە وتی:

– کەواتە ناتانەویٚت بچنە خوازبینی ژن بۆ من؟.. خەلیل وتی:

– کــیٚ وتــویٚتی ئیٚمــە ناچــینە خــوازبینی، بــەلاّم ئــەم کچــە نــا، ئــەم کچــە بــاری دارایــی لەگــەلّ ئیٚمــە ناگونجیٚــت، ئیٚمــەش ئاشــنایەتییەکمان لەگــەلّ خیٚزانەکەیاندا نییە.. ئیرەج وتی:

– ئیٚســتا کــە ئیٚــوە ناچــنە خــوازبینی ئــەو کچــەی مــن دەمــەویٚت، مــن خۆم ئەرِۆم.

ئــیرەج ئەوەنــدە بەشــیٚوەیەکی بــرِاو قســەکەی کــرد تورِەییەکــەی باوکی زیاتر بوو، هاواریکرد وتی:

– کــورِە گیٚلەکــە سەرکیٚشــی بــۆ مــن دەکــەی، بــرِۆ بــزانم چ هەلّەیــەك دەتەویٚت بیکەی، بیکە.

مونیره وتی:

– بپرسه منالّەکانی چین!

شەقایق بەسەرسامی وتی:

– مەگەر دوانەن؟

– بەلّیّ، کچیّك و کوریّك، مەنیجه زۆر خۆشحالّبوو.

مونیره بەهیّواشی:

– سبەیشەو بۆ نانی شیّوان بۆ ئیّره دیّت، خۆت بەتەنیا دەبیّت هەموو شتیّك ئامادەبکەی شەقایق وەك مونیره بەهیّواشی وتی:

– سەوزەی برژاو "قورمه سەوزه" دروست بکەم، باشه؟

– بەلّیّ.

سادق لەچپەکردنی مونیره و شەقایق بەتەواوی بیّزاربوو، بەپەله لەژورەکه رۆیشتەدەرەوە، حەزی نەدەکرد ببیّته بابەتی قسەکردنی مونیره، چونکه وایدەزانی کە شەقایق لەبارەی ئەوەوە لەگەلّ مونیرەدا قسه دەکات، دوای رۆیشتنی ئەو مونیره پرسی:

– لەگەلّ سادقدا چی دەکەیت؟

شەقایق بەدەستەپاچەیی وتی:

– هیچ، لەگەلّیەکدا ریّکدەکەوین.

بەیانی شەقایق بەدەنگی کەلّەشیّری دراوسیّکەیان لەخەو هەستا، خۆر بەتەواوەتی ژورەکەی روناککردبووه، سەری سورمابوو، هەمیشه بەیانی زوو خەبەری دەبووه، کەچی ئەمرۆ درەنگتر لەخەو هەستابوو بەخۆی وت:

– لەوانەیه کە ئەمرۆ هەینییه زۆر خەوتبم.

کاتیّك سادق لەخەودا بینی سەرەتا سەری سورما، پاشان ترساو بەهیّواشی وتی:

– وای کاتژمیّر هەشته ئەمه چ درەنگه بۆی!

– بەھ، بەھ، بوكو زاوای راكردو چۆنن؟

ژنەكەی فەرهاد زۆر پێدەكەنی، بەدەم پێكەنینەوە:

مەگەر دەستو قاچتانیان بەستبووەوە كە بەمجۆرە رۆیشتن؟!

نێرگس سوپاسی خودای دەكرد، بەلاّم دلّی گیرا بوو، دەیویست زەماوەندێكی درێژی بۆ بكردایەن، بەلاّم ئیتر سودی نەبوو.

میوانەكان تاشەوی دواتر مانەوەو شەو دوای شێوان خواردن هەمویان رۆیشتنەوە، مەنوچەر هەرچی كرد نەیتوانی نێرگسو پەرویز دابنێت، دەلێی برپاربوو هەمویان جەژن لەمەشهەد بكەن، مالّەكە دوبارە بێدەنگبووە، مەنوچەر رۆیشتە ژورەوە، شەقایق لەگەلّ خۆیدا بیریكردەوە هەموو شتێك وەك سەرەتابوو.

هەستە جلەكانم بهێنە!

شەقایق رۆیشتە ژورەكەو جلەكانی مەنوچەری لەكۆمەدییەكە دەرهێنا، مەنوچەر جلەكانی گۆری، شەقایق هێواش وتی:

– دەتەوێت برۆیتە دەرەوە؟

مەنوچەر سەیرێكی كردو وتی:

– بەلّێ.

شەقایق بێخواست وتی:

– بەتەنیا؟

مەنوچەر پێكەنینێكی نێشداری كردو وتی:

– بەلاّم، دەمەوێ برۆم خۆشی ببینم! تۆش دابنیشە، بخەوە.

شەقایق رۆیشتە ژورەكەیترو لەكونجی دیوارەكەدا دانیشت، مەنوچەر هاتە ژورەوە، لەلای دەرگاكە وەستاو بەگالّتەجارییەوە:

– دەرك بەحالّت دەكەم، دەزانی بۆ؟

شەقایق راست سەیری چاوانی كرد، مەنوچەر بەتورەییەوە:

www.pertwk.com

مەنوچەر پەلی گرتو بردییە ژورەکەوە، تا شەقایق ویستی لەژورەکە هەڵبێت، مەنوچەر مستێکی توندی لەپشتی دا لەکاتێکدا بەتوندی لێی دەدا هاواریکرد:

– ئەمەت دەوێ؟.. بێگومان دەبێت لێت بدەم!

شەقایق نەیدەتوانی لەژێر دەستی دەربچێت.

– بەخودا چوومە حەوشەکە پیاسەبکەم، دەرگا کرابووە.. من.. نەمدەویست هەڵبێم.

مەنوچەر رۆیشتە لایەکەوەو بەبێزارییەوە هاواریکرد:

– برۆ جلەکەت بگۆرە!

ماوەیەکی خایاند، شەقایق لەژوری نوستن دانیشتبوو، لەشی بەتەواوی ئێشی دەکرد، ئەوە لەتەپربونو چوار کاتژمێری وەستان لەسەرمادا، ئێستاش بەتەواوی لێدانی خواردوە، دەرگاکرایەوەو مەنوچەر هاتەژورەوە، هێشتا تورەبوو، بەڵام ئارامتر.

– راستییەکەی بڵێ، دەتویست رابکەیت؟

شەقایق بەئاوازێکی منداڵانە وتی:

– نە، بەخودا نە! من تەنیا بینیم دەرگا کرایەوە، دەمویست لەحەوشەکەدا پیاسەیەك بکەم.

مەنوچەر هاواریکرد:

– تۆ، لەژێر بارانەکە چیت دەویست ها؟ نەتوت لەسەرماندا دەمریت؟

شەقایق تەنیا گریا، مەنوچەر بەتورەیی بەرەو لای رۆیشتو سەری بەرز کردەوە، دەموچاوی خوێناوی بوو، مەنوچەر سەری باداو بەهەمان ئاواز بەردەوامبوو:

– هەستە، دەمەوێ بەکارەکانم بگەم.

شەقایق خێرا وتی:

– توخوا! راستیەکە، بلّێ، راستە؟

مەنوچەر هەستاو بەتورەییەوە:

– برۆ ژورەوە، ئیتر نامەوێت لەحەوشە بیت، برۆ ژورەوە!

شەقایق هەستا، دودلّبوو بۆ رۆیشتن، بەدەنگێك كە ترس تێیدا شەپۆلی دەدا جارێکیتر جورئەتی دایە خۆی تاپرسی:

– بۆچی نایلّێی؟

مەنوچەر بەتورەییەوە روی تێکرد، شەقایق بەچەند وشەیەکی پچرپچڕ وتی:

– من.. من

مەنوچەر بەتورەییەوە شانەکانی گرتو لەکاتێکدا راست سەیری چاوی کرد، وتی:

– تۆ چی.. ؟.. ها؟.. بۆچی لالّبویت؟

شەقایق هەناسەیەکی درێژی هەلّکێشاو بەبێباکی وتی:

– دەزانم ئامۆژن چی دەوت، دەزانم پزیشکەکە پێی وتبوو كە من مندالّم نابێت، دەزانم ئەو دەیەوێت.. دەیەوێت تۆ تەلاّقم بدەی.

مەنوچەر هەنگاوێکی بەرەو دواوە ناو وتی:

– ئەوەش دەزانی كە من چیم دەوێ.

شەقایق بەگریانەوە بەرەو ژورەکە رایکرد، مەنوچەر تورەبوو، گڕی تورەیی لەبونیدا پەرەی دەسەند، دەستی خستبووە ناو قژیەوە، چاوی بەدار گێلاسەکە کەوت، بێئامانج چلّێکی درێژی لەدارەکە کردەوەو بەرەو ژورەکە رۆشت، زۆری نەخایاند هاواری شەقایق گەیشتە ئاسمان.

